کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 23:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەگەرەکانی بەردەم سەرکردایەتی کورد لە دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک ... ڕزگار گوڵەباخ

ماوەی چەند مانگێکە سەرانی دەوڵەتی تورک هەڕەشەی لەشکرکێشی بۆ ناو هەرێمی کوردستان دەکەن، لە تازەترین گۆڕانکاریدا پەرلەمانتارانی دەوڵەتی تورک ڕەوایيان دایە ئەو لەشکرکێشییە. سەرەک وەزیرانی دەوڵەتی تورکیش مەرجی تەسلیم کردنی 3 سەرکردەی کوردی بۆ دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان داناوە، لەبەرانبەر وەستاندی لەشکرکێشییەکە.

ئەوەی بۆ من و خەڵکانی تریش جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد وەڵامێکی نا سیاسی و نالۆجیکیانەی ئەو مەرجە ی دایەوە، کە ئەوە بۆ خۆی زادەی سەلماندنی ڕاستییەکە، کە لە هەرێمی کوردستانەوە سیاسەت پیادە ناکرێت، بەڵکە، ئەوە ئەقلێکی سەردەمی شاخ و مشت و مڕی ناو گوندەکانە، لە دنیای سیاسی ئەمڕۆدا نامۆیە، چونکەلە دنیای سیاسەتدا وەک سادە ترین بنەما، بەکارهێنانی کارتی سیاسی و فشارە لە بەرانبەر لایەنی بەرانبەر.

مێژووی هەڕەشەکەی دەوڵەتی تورک دوێنێ نەبووە و نییە، تاوەکو ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد بیر لە ڕێگرتنی بکاتەوە، دەبوایە چەند مانگێک لەمەوبەر ڕێگەی جۆراو جۆر بگیرانایەتە بەر بۆ وەلانانی ئەو هەڕەشانە.

ئەگەرەکان لەسەر ئاستی هەرێم، ئێراق، دەوڵەتانی ناوچەیی (اقلیم)، ئەوروپا و نێودەوڵەتی

1/ لەسەر ئاستی هەرێم:

ێ / ئیعلان کردنی ئامەدەباشی تەواو (انزار ج) بۆ تەواوی هێزی پێشمەرگە، واتە نەک پێشمەرگەی پارتی و یەکیەتی بە تەنها بەڵکە پێشمەرگەی پارتە سیاسیەکانی تری هەرێمیش، چونکە پاراستنی هەرێم بەتەنیا ئەرکی سەرشانی پارتی و یەکیەتی نییە. تەنانەت دەبوایە داوا لە هاوولاتی بکرایە کە خۆیان بو شەڕێکی چارەنووسساز ئامادەبکەن، وەک چۆن لە کاتی شەڕی براکوژیدا تەوای هاوولاتیانیان پیوە خەرک کردبوو. جێێ داخە کە خەڵکی سلێمانی بە گشتی بێ هەڵوێست بوون، بۆیە هیوادارم ئەوانەی لە نووسینەکانیاندا بە شانو باهووی سلێمانیدا هەڵیان دەدا بە خۆیاندا بچنەوە و چونلە سلێمانی چیدی شاری هەڵمەت و قوربانییە، وەک جاری جاران.

ب / سازکردنی خۆپیشاندان لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی هەرێم بە کەرکوکیشەوە، بە ڕژانە سەرشەقامی سەدان هەزار کەس لە هاوولاتیانی هەرێم، بە بەرز کردنەوەی دەیان دروشمی دژایەتی کردن و ئامادەی قوربانی دان.

ج / ناردنەوەی تەواوی کۆمپانیا تورکەکان، کە لە هەرێمدا سەرقاڵی پارە کۆکردنەوە و سیخوری کردنن.

د / بایکۆد کردنی تەواوی هەموو ئەو کەلو پەل و ئامێرە بازرگانیانەی لە دەوڵەتی تورکیاوە دەهێنرێن بۆ هەرێم.

ە / ناردنی سکالا نامە ی فەرمی بۆ نەتەوە ئەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا و خودی سەرۆکی ئەمریکا.

2 / لەسەر ئاستی ئێراق:

ێ / ناردنی سکالانامەی فەرمی حکومەتی ئێراق بۆ سەرانی دەوڵەتی تورک و هاندانی حکومەتی مەرکەزی بە کێشانەوەی باڵیۆزخانی ئێراق لە تورکیا وەک کارتێکی فشار.

ب / کارکردنی بەو ئاراستەیەی کە بەزاندنی سنووری هەرێم مانای بەزاندنی سنوور و سەروەی ئێراقە.

ئەوەی بۆ من سەیرە ئەوەیە کە سەرکردە کوردەکان هەمیشە بە بالای ئێراقی عروبەدا هەڵدەدەن، کەچی لەوەیاندا پارێزگاری کردن لە هەرێم بە ئەرکی حکومەتی ناوەندی نازانن. من پرسیارێک لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرکرایەتی کورد دەکەم، ئاخۆ هەڵویسی ئێراق هە مان هەڵویستی ئێستای دەبوو، ئەگەر ئەگەری بەزاندنی سنووری ئێراق لەلایەن سوریا، ئوردون، سعودیە، کوێت و ئێرانەوە هە بوایە؟
ج / وەستاندنی مامەلەی بازرگانی لەگەڵ تورکیادا لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە.
د / هەڕەشەی وەستاندنی ناردنی نەوت لە ڕێگەی تورکیاوە. چونکە سەرمایەو سیاسەت بە ڕادەیەک ئامێزانی یەک بوون، کە باشترین کارتی سیاسی، کارتی سەرمایەیە.
ە / سازدانی خۆ پیشاندانی جەماوەری لە بەغدا وشارەکانی تر. کە بەباڵای یەکپارچەیی ئێراقدە هەڵدەدرێت، دەبێت جیاوازی دهۆک و بەسرە نەبێت.
و / ناردنی سکاڵانامەی فەرمی حکومەتی ئێراق بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا و خودی سەرۆک بوش.
ی / ناردنی سکاڵانامەی جامیعەی عەرەبی بە هاندانی ئێراق بۆ سەرانی دەوڵەتی تورک، چوونکەبرادەرانی جامیعەی عەرەبی ماڵیان ئاوابێت، ئەوا ئیراق بە بەشێک لەنیشتمانی عەرەب دەزان.

3 / لەسەر ئاستی دەولەتانی ناوچەیی:
کەباس لە کەرکوک یان دەرهێنانی نەوتی هەرێم دەکرێت، یان کە باس لە دەوڵەتی کوردی دەکرێت، تەواوی دەوڵەتانی هەرێمی بە میسریشەوە کە سەر بە کیشوەری ئەفریقایە، دەمیان دەکەنەوە و خۆیان دەکەنە دەمڕاستی ئێراق و خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن. دەبا لە کاتی هەڕەشەکرنی سەر شارە کوردییەکانیش خۆیان بە هەمان خاوەن ماف بزانن. دەبوایە سەرکردایەتی کورد لەوەدا کاری تەوای بکردایە. ئەو دە ولەتانە ئەو لەشکرکێشییەیان پێخۆشە، چونکە ئەزمونەکەی هەرێم دەشێوێنێت. چونکە پێدەچێت یەکێک لە مەرامە سەرەکییەکانی دەولەتی تورک هێشتنەوەی هێزی سەربازی و سیخوڕی بێت لە کەرکوکدا.
4 / لەسەر ئاستی ئەوروپا:
سەرکردایەتی کورد دەزانێت کە گەورەترین ئاوات و سەرکەوتنی دەوڵەتی تورک بوونە ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپادا، بۆیە دەبوایە ئەم هەلی لەشکرکێشییەی وا بقۆزتایەتەوە، تا وەک کارتێکی سیاسی لە دژی دەوڵەتی تورک بە کاری بهێنایە، بەوەی خۆ پیشاندانی جەماوەری لە سەر ئاستی ئەوروپا ساز بکردایە، تاوەکو میدیاکانی ئەورپا گەورەیان بکردایە. لەگەڵ گرتنە دەسەلاتی فەرەنسا لە لایەن سارکۆزییەوە، یەکەم لێدوانی پیشاندنی دژایەتی فەرنسا بوو بۆ بوون بە ئەندام بوونی دەولەتی تورک لە یەکیتی ئەورووپادا، کە چی بە داخەوە لەو کاتەی سەرۆک تاڵەبانی وەک سەرۆکی ئێراق سەردانی فەڕەنسای کرد، لەبری ئەوەی ئەو فرسەتە بقۆزێتەوە و ڕای سارکۆزی توندتر بکات لە دژی تورکیا، بەوەی دەولەتێکی وا لە یەکێتی ئەورووپادا جێگەی نابێتەوە، کا تازە بەتازە دەیەوێت سنووری دەوڵەتی تر بە سەربازی بەزێنێت، بەداخەوە تالەبانی پارتی کرێکارانی تاوەنبار کرد بەوەی ئەو کارانەی ئەوان دژی بەژەوەندی تورکیاو کوردە.
5 / لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:
تائەوەندەئێراق بە وولاتێکی داگیرکراو لەسەر ئاستی جیهان بناسرێت، ئەوا پاراستنی ئاسایش و سەروەری ئەو وولاتە لە ئەستۆ ی وولاتە داگیرکەرەکەدایە، واتە ئەمریکا. بۆیە دەبوو سەرکردایەتی کورد ئەو بۆشاییە یاساییەی بقۆستایەتەوە، وە وەک کارتێک بەکاری بهێنایە، هاوکات دەیتوانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکادا بەوە مەرجدار بکردایە، کە ئەوەندە هاوپەیمانی دەکەن، کە نەبنە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

قوربانی، ئەگینا ئیتر هاوپەیمانیتی مانای چییە. دەبوایە سەرکردایەتی کورد وەفدێکی فەرمی بناردایە بۆ ئەنجومەنی پیرانی و تیادا بە ڕاشکاوی پاراستنی سنووری ئێراقیان بخستایەتە ئەستۆی هێزی سەربازی ئەمریکا لە ئێراقدا.

تاکی کورد هەمیشە دوای ڕووداو دەکەوێت و دوای ڕودانی ڕووداو ڕاڤە کردنی دەست پێدەکات، وە قەت پێشبینی نییە و پێش ڕووداو ناکەوێت، بۆیە وا ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشتووە، ئەگینا دەبوایە دەمێک بوایە بیر کردنی سیاسیانە لە ئارادا بووایە. کارکردن بە هەمان ئەقڵیەتی ئەوسای شاخ و ڕێکەوتنی دیوەخان، لەگەڵ دنیای سیاسەتدا تەبانین. ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بۆ ڕێککەوتنی عەشایەریانە دەبێت، نەک دنیای سیاسی سەردەمی گلۆبالیزم.

بەرلین 18. 10. 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.